وەزیری دەرەوەی ئەمریکا: پێویستە مافی هەموو پێکهاتەکانی سووریا پارێزراو بێت

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی وەزیری دەرەوەی وڵاتەکە لەگەڵ مەزلووم عەبدی و وەزیری دەرەوەی سووریا بڵاوکردەوە.

لە پراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، کۆبوونەوەیەکی سەقامگیری لەنێوان مارکۆ روبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ئەسعەد شەیبانی، وەزیری دەرەوەی سووریا و مەزلووم عەبدی، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسدە) بەڕێوەچوو. ئیلهام ئەحمەد، هاوسەرۆکی پێوەندییەکانی دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتیی خەسریش، لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە بوو.

تەمی پیگەت، جێگری گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە راگەیەنراوەکدا ئاماژەی بۆ داوە، "لە کۆبوونەوەکەدا، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەختی لە پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکان کردووەتەوە بە سووریایەکی سەقامگیر کە لە ئاشتی و تەبایيدا بێت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی و تەیدا مافی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان پارێزراو بێت."

لە راگەیەنراوەکەدا هاتووە "مارک روبیە پەشوازی لە پابەندبوونی حکوومەتی سووریا کردووە بە هاوکاری تەواو لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانی نەودەوڵەتی لە شەڕی دژی ڕکخراوی داعش."

تەوەرەکی گرنگی دیکەی کەبوونەوەکە تایبەت بووە بە دەخی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا. لەم رووەوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەختی لە گرنگیی جەبەجەکردنی "ئاگربەستی هەمیشەیی" و "ڕەکەوتنی تەکەکردنەوە" لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵات کردووەتەوە، بەجەرەک کە پاراستن و ڕزگرتن لە مافی سەرجەم هاووڵاتیانی سووریا مسۆگەر بکات."